## چەند پەیڤێک سەبارەت بە پاسۆک

-پاسۆک، کورتکراوەی (پارتی سۆسیالیستی کورد) بوو. لە مێژووی ١٩٧٥/٩/١١ دا لەلایەن چەند هاوبیرێکی دێرینی (کاژیک)ەوە، لە شاری کەرکووک دامەزرێنراوە. پاسۆک، پارتێکی نەتەوەیی ئازادیخواز و پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕ بوو. ئامانجی سەرکیی پاسۆک لە هەنگاوی یەکمدا، ئازادیی کورد و یەکگرتنەوە و سەربەخۆیی کوردستانی گەورە بوو. سەرەنجام، چەسپاندنی سەروەیی یاسا و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و دەستەبەرکردنی ئازادییە دیمۆکراتییەکانی کۆمەڵگە و مسۆگەرکردنی ئازادی و ئاشتی و خۆشگوزەرانی بۆ گشت هاونیشتمانییەکی کوردستان بەبێ جیاوازیی کردن لەنێوان رەگەز و بیروباوەڕ و ئایین و ئایینزا لێکجیاوازەکانەوە.

-پاسۆک پێش هەر شتێک، بیروباوەڕ بوو، بیروباوەڕی نەتەوەپەروەری و نیشتمانپەرەوەریی هاوبیرە نەتەوەییەکانی کورد بوو. لە کوردستاندا و لەناو کورد و لە پێداویستییەکانی کۆمەڵگەی کوردەوارییەوە سەرچاوەی گرتبوو. واتە پێداویستییەکی مێژوویی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و بابەتی بوو .

-پاسۆک رێباز و ئامانج و هیوا بوو. هەڵگری ئاڵای پیرۆزی کوردایەتی بوو. بۆ ئازادیی کورد و یەکگرتنەوەی سەربەخۆیی کوردستان، بڕوای بە تێکۆشانی رامیاری و چەکدارانە، لەسەر بنەمای رەوشتی شۆڕشگێڕانە هەبوو. پاسۆک، لەڕووی ژمارە و هێزی چەکدارەوە، کەم و کەمتوانا بوو، بەڵام پاک و دڵسۆز و چۆنایەتییەکی باشی هەبوو، بەکورتییەکەی زۆر و بۆر نەبوو. لەشکری رەش و بێ بیروباوەر نەبوو. خاوەنی بیروباوەڕی کوردایەتی و رەوشتی شۆڕشگێڕانە بوو.

-پاسۆک، بەهۆی نەتەوەیی بوون و کوردایەتی کردن و سەربەخۆبوون و جیاوازبوونیەوە، لە دەرەوە و لە ناوەوەی کوردستان، نەیار و دژ و دوژمنی زۆر بوو.

-شایانی وتنە ئەگەر پاسۆک هەتا ئەمڕۆ بیتوانیایە بمێنیتەوە و بەردەوام بووایە، دەکرا ئێستا هێزێکی گەورەی باشووری کوردستان بووایە. یان هێزی سێهەم بووایە. ئەوسا ئەو ئەگەر بەهێز بوو کە بارودۆخی باشووری کوردستان ئەم بێ خاوەنی و بێ یاسایی و پاشاگەردانییەی ئەمڕۆی بەخۆیەوە نەبینیایە، چونکە ئەگەر پاسۆک خاوەن جەماوەری زۆر هێزی زۆر بووایە، نەدەبوو و نەدەکرا هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی خۆی نیشان نەدابایە.

-ئەگەرچی پاسۆک تەمەنی کورت بوو، بەڵام هەر پاسۆک بوو کە بۆ یەکەمجار، ئاڵای پیرۆزی کوردستانی لە شاخ و شار و شارۆچکەکانی باشووری کوردستاندا شەکاندەوە، ئەمە مێژوویەکی پڕ لە شانازی و سەروەرییە بۆ کورد و بۆ پاسۆک.

-زۆر بەداخەوە دەبێت لێردا دان بە راستییەکی تاڵ و دڵتەزێنیشدا بنێین کە دوای کۆچیدوایی هاوڕێ نەمر ئازاد مستەفای سکرتێری پاسۆک، بەهۆی لێنەهاتوویی و بەرژەوەندپەرستیی هەندێک لە هاوبیرانی

سەرکردایەتییەکەیەوە، بەناى یەکگرتنەوە، پاسۆکیان لەناو پارتیدا تواندەوە و سەدان هاوبیر و لایەنگر و دۆستى پاسۆکیان ڕەنجبەخەسار و نائومێد و سەرگەردان کرد!؟

-بەدڵنیاییەوە، ڕۆڵ و کاریگەرییەکانى بیروباوەڕ و ڕێبازى شۆڕشگێڕانە و نەتەوەپەروەرى و نیشتمانپەروەریى پاسۆک، بۆ هەمیشە لەناو کۆمەڵگەى کوردستاندا بە زیندوویى دەمێنێتەوە و هەر دەژى.

-بێگومان ئەمڕۆ باشوورى کوردستان بە ڕوون و ئاشکرایى، جێچۆڵیى ڕێباز و بیروباوەڕى کوردایەتیى پێوە دیارە و لە هەموو کاتێکیتر پێویستى بە بیروباوەڕى کوردایەتى و بە پارتێکى نەتەوەیى پاک و دڵسۆز و ئازادیخواز و سەربەخۆییخواز و شۆڕشگێڕ هەیە.

-دواجار با ئەو ڕوونکردنەوەیەش بەو هاوڕێ و هاوبیرانە ڕابگەیەنین کە دەپرسن: بۆچى پاسۆک دروست ناکەنەوە!؟ وەڵامەکەى ئەمەیە، لە ساڵانى ڕابووردوودا چەندین جار بەفەرمى داوامان لە دەسەڵاتى سیاسیى باشوورى کوردستان کردووە کە مۆڵەتى یاساییمان هەبێت بۆ کارکردن بەناوى پاسۆک یان هەر ناوێکى ترەوە کە وەک ڕێکخستنێکى نەتەوەیى ئازادیخواز و سەربەخۆییخواز کار بکەینەوە و وەکو جاران، بە کۆمەڵ و لە چوارچێوەى پارتێکى ڕامیاریدا، کاربکەینەوە و لەخزمەتى کورد و کوردستان و بیروباوەڕى پیرۆزى کوردایەتیدا بینەوە، بەڵام مەخابن ئەو دەسەڵاتدارانەى باشوور، بەهۆى پێبەندبوونیان بە دەوڵەتە دوژمن و داگیرکەرەکانى کوردستانەوە، مۆڵەتى یاسایى بە هیچ پارت و ڕێکخستن و تەنانەت مۆڵەت بە بنکە یان سەنتەر و دامەزراوەیەکى نەتەوەیى نادەن کە بە فەرمى و یاسایى بوونى هەبێت!؟

-بۆ ئاگادارى هەمووان، ئێستا نە هاوبیرانى دێرینى کاژیک و پاسۆک و نە هیچ ڕێکخستنێکى نەتەوەیى لە باشوورى کوردستاندا، ڕێگەپێدراو نین کە هیچ جۆرە چالاکییەکى سیاسى و کۆمەڵایەتى و تەنانەت ڕۆشنبیریش بە ئاشکرا و ئازادانە ئەنجام بدەن. بەڵام ڕاستییەکە ئەمەیە کە ئێمە وەک کۆمەڵێک لە هاوبیر دێرینەکانى پاسۆک، وەک تاکەکەس، هەتا ئێستا هەر پێوەندیمان پێکەوە ماوە و هەر هەمان بیرکردنەوەى پاسۆکانەى خۆمان پاراستووە و تێکۆشانى نەتەوەییانە و کوردایەتیانە و ڕۆشنبیرانەمان هەر بەردەوامە.

لە درووشمە سەرکییەکانى پاسۆک:

-کوردستانێکى ئازاد، گەلێکى یەکسان.

-پێش ئەوەى هەر شتێک بین، دەبێت کورد بین. (واتە پێش ئەوەى هەر بیروباوەڕ و ئایین و ئایینزایەکمان هەبێت و سەربە هەر خێڵ و ناوچەیەک بین، دەبێت کورد و کوردستانى بین).

-کوردستان تەنها موڵکى کوردە. (کوردستان بە سرووشتى و لەڕووى مێژووییەوە، لانکەى سەرهەڵدانى کوردە و نیشتمانى سرووشتى و مێژوویى نەتەوەى کوردە).

-مرۆڤایەتیی کورد کوردایەتییە. (کورد بەشێکی تەواوکار و دانەبڕاوە لە مرۆڤایەتی، کەواتە هەر بە سرووشتی، کوردایەتی کردنی کورد، بەشێکە لە مرۆڤپەروەری و مرۆڤایەتییە).

-جەماوەر سەرچاوەی بوون و دەسەڵاتە.

-چەکی بێ بیروباوەڕ، سێدارەی جەماوەرە.

بەختیاری شەمەیی

...........................................

هاوبیری زۆر بەڕێز کاک بەختیار شەمەیی

سڵاوێکی گەرمی برایانە و هاوبیرانەت لێبێ، هیوامولیە بێوەی و تەندروست بی.

کورتە لێکدانەوەکەی بەڕێزتم خوێندەوە لەبارەی "مێژووی پاسۆک و رۆڵی پاسۆک" ەوە نووسیوتن. دەسخۆشیت لێدەکەم، هەروەها زۆر دڵخۆشە دەساڵێکە بەڕێزت و چەندین هاوبیری پاسۆک لە نێزیکەوە دەناسم و، هێندێکجاریش توانیومانە پێکەوە چەن چالاکییەک ئەنجام بدەین و، بیروڕامان بۆ یەکتر باسبکەین. لەراستیدا هاوبیرانی پێشووی پاسۆک، لەریزی پاگژترین و دڵسۆزترین رۆڵەکانی نەتەوەی کوردن و، بۆ بڵاوکردنەوەی بیری پیرۆزی سەربەخۆیی کوردستان، ئەوی لەدەستیان هاتووە و لە دەسیان بێت درێخیان نەکردووە و نایکەن.

نووسیوتە، دەسەلاتدارانی باشووری کوردستان لەبەر پێبەندبوونیان بە دوژمن و داگیرکەرانی کوردستانەوە ڕێگەیاننەداوە ''پاسۆک'' وەک حیزبێکی نەتەوەیی بێتەوە مەیدان و خزمەتی بیری پیرۆزی سەربەخۆیی کوردستان بکا و، دانەمەزراندنەوەی "پاسۆک" تان گرێداوە بە ڕێگەپێنەدان و، یارمەتینەدانی حکوومەتی هەرێمەوە.

بەپێویستیدەزانم بە چەن دێڕێک بیروڕای خۆم بنووسم بۆت، هیواشموایە وەک رەخنە و بۆچوونێکی برایانە و هاوبیرانە لێی بڕوانی.

دڵنیام بەڕێزت لە بیرتە، کۆمەلەی هاوبیرانی کوردایەتی لە 2013 هەر ئەم بۆچوونەی هەبوو. دەیانگوت: هاوبیرانی پێشوومان لەنیو پارتی دڵنیاییانداوەپێمان، بابەتی پشتگیریی دارایی جێبەجێ دەکەن. پێش ئەم کۆمەڵەی هاوبیرانی کوردایەتییەش، کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان کە ئەز بۆ ماوەی دوانزەساڵێک ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرێتییەکەی بووم، لە کۆتایی نەوەدەکانی سەتەی رابردوو تاکوو ساڵی 2006 و دواتریش هەر ئەم تێرادیوییەی لە دەسەڵاتدارانی حکوومەتی هەرێم بوو. ئێمە لە کۆنگرەی نیشتمانیی رەخنەی توندمان لە حکوومەتی هەریم دەگرت و، بە نانەتەوەیی و بەکرێگیراوی دوژمن نێوناسماندەکرد و، داواشمان دەکرد لێی،

ڕێگە بدات پێمان، نووسینگە لە هەولێر و لە سلێمانی بکەینەوە لەو ڕێگەوە، بتوانین جەماوەری ئەوان بۆ لای کۆنگرە ڕاکێشین!!

دوای پانزە-بیست ساڵێک، لە بۆچوون و بیرکردنەوەی ئەوکاتمان دەڕوانم، ئێستا دەزانم، چەن هەڵە بووین و، داوایەکی وا لە حکوومەتێکی هەریم، تێنەگەیشتن بوو لە بیروباوەڕی نەتەوەیی. دەسەڵاتدارانی حکوومەتی هەریم و، حیزب و ئەندامانیان، عێراقین، نەک کوردستانیی. ئامانج و بیروباوەڕ و بەرژەوەندییان گرێدراوە بە عێراقەوە، نەک بە دەوڵەتی کوردییەوە. ئەم داوایەی ئێمە نەتەوەییەکانی کوردستان لەحیزبەکانی دەسەڵاتداری باشوور، وەک ئەوە وایە لە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستاندا، حیزبێکی ئێرانی، یان عێراقی داوا لە دەولەتی کوردستان بکا، ڕیگەی بدا، یارمەتی دارایی بکا، بە ئاشکرا بنکە و نووسینگە دامەزرێنێ و، کار بۆ یەکێتیی خاکی ئێران و عێراق بکا و، جەماوەری کوردستان بۆ لای ئێران، یان عێراق ڕاکێشێ!

کاتێ ئێمە داوا لە حکوومەتی هەریم دەکەین، ڕێگەمانبدات بە ئازادیی چالاکیی بکەین، ئەو واتای هەیە کە ئێمە حکوومەتی هەریم بە نەتەوەیی دەزانین، لەبەر ئەوە نابێ ڕەخنە لەو کۆنە هاوبیرانەی پاسۆک بگرین کە چوونەتە نێو پارتی! چۆنکە ئەوانیش وەک بەڕێزت پارتی بە نەتەوەیی دەزانن! بەڵام ئەوکات کە پارتی ڕازی نابێ وەک ڕێکخراوەی نەتەوەیی لە نێوچەی ژێردەسەڵاتی کار بکەین، پێێ دەڵێین: سەر بە دوژمن و داگیرکەرانە. ئەمە جگە لە شێواندنی بیری نەتەوەیی چ واتایەکی دیکەی نییە و پێویستە بەر لە هەر شتێک، ئێمە پێداچوونەوە لە بیری خۆماندا بکەین و، ڕاستودروست لە بیری نەتەوەیی تێبگەین.

بیروباوەڕی ئێمە لە گەڵ حیزبە کوردزمانەکانی وڵاتانی داگیرکەر لەهیچ شتێکدا یەکناگرێتەوە، ئەوان هاوبەشن لە تواندنەوەی پرسی کورد وەک نەتەوەیەکی دابەشکراو و خاکەکەی کوردستان و، بەرەسمیناسینی جۆگرافیای سیاسیی ڕژیمەکانی داگیرکەر. ئێمە بە پێچەوانەوە، دەمانەوێ سەرلەبەری خاکی کوردستان ڕزگاربکەین و، دەولەتی سەربەخۆی کوردستان دامەزرێنین. بیروباوەڕی ئێمە تەختوبەخت و هەبوونی داگیرکەران و حیزب و دەسەڵاتدارەکانی سەر بە داگیرکەران لەنێو دەبات. ئاشکرایە ناهێڵن و، ڕیگە نادەنپێمان بیرێکی دژ بە بەرژەوەندیی ئەوان لە هەرێمی ژێردەسەڵاتیان بڵاوبکەینەوە. داوایەکی وا سووککردنی بیروباوەڕی نەتەوەییە و، دڵنیام ئەو بەڕێزانەی حکوومەتی هەرێم دەبەن بەڕێوە، هەموو جارێ بە تێنەگەیشتن و، ساویلکەیی ئێمە پێکەنیون.

هاوبیری بەڕێز کاکە بەختیار

پاسۆک، لە ساڵانێکی زۆر سەخت و دژوار دا دەستی بە خەباتی نەتەوەیی کرد. لەلایەک زۆربەی هەرەی زۆری لاو و چینی خوێندەواری کورد لەژێر کاریگەریی بیری چەپدا بوون و، کوردایەتیی شەرم و شوورەیی بوو

لایان، لەلایەکی دیکەشەوە دوو لایەنی سەرەکی و ناسراوی کوردستان، واتە پارتی (قیادە موقت) و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، خاوەن هێز و پێگەی جەماوەری و ڕێکخستن و، هاوکات بە بیروباوەڕ نانەتەوەیی بوون و دوو جەمسەر و لایەنی سەرەکییش بوون لە جەنگی نیوخۆیی و "براکوژیی". ئەمەش سەرجەم و حیزب و سیاسییەکانی کوردستانی خستبووە دوو ڕێیانی بڕیاردانێکی ناچاری و نەخوازراوەوە، بۆ ڕاگرتنی بنکە و بارەگە و هێز و هەبوونی خۆیان، دەبوو لەگەڵ ئەملا، یان ئەولادا بن. هاوبیرانی پێشووی پاسۆک، بۆ خزمەتی بیری نەتەوەیی و، خزمەت بە وەچی ئێستا و داهاتوو، پێویستە شیکردنەوەیەکی وردی ئەو سەردەمەی خەباتی پاسۆک بکەن. دەزانین "بەرەی جوود" لە ژێر چەتر و چاودێری و یارمەتیی دارایی ڕژێمی ئیسلامیی ئێراندا بوو. پاسۆک ئەندامی ئەو بەرەیە بوو، لە شاری تاران نووسینگەی دانابوو. شێوازی پێوەندیی پاسۆک و ئێران چۆن بوو؟ پێوەندیی بەرەی جوود و ئێران لە چ ئاست و ڕادەیەک دا بوو. کۆمیتە، یان نوێنەری پێوەندییەکان کێ بوو؟ پلان و داخوازییەکانی ئێران چیبوو لە بەرەی جوود؟ کاتی هێرش بۆ سەر هەڵەبجە لەلایەن بەرەی جوود و سوپای پاسدارانەوە، پاسۆک لە کوێ بوو؟ سەرجەمی حیزب و ڕێکخراوەکانی بەرەی جوود، جگە لە پاسۆک، هەروەها یەکێتی و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خۆیان بە کوردی ئێران و عێراق دەزانی و دەزانن و بە ڕەوایان زانیوە یارمەتی لە داگیرکەری لایەکی کوردستان وەربگرن و، لەگەڵ ڕژێمەکەی خۆیان شەڕ بکەن، بەڵام لێکدانەوەی پاسۆک بۆ ئەم پێوەندییەی لە گەڵ ئێران چیبوو؟ لە کاتێکدا دروشمی "یەکگرتنەوەی نەتەوەی کورد و کوردستانیکی سەربەخۆ و گەلێکی یەکسان" ی هەڵگرتبوو؟

لەم چەن ساڵەی دواییدا دەتوانم بڵێم زۆربەی نەتەوەییەکانی کوردستان، بیری دامەزراندنی ڕێکخراوەیەکی تازەی نەتەوەییان هێناوەتە ئاراوە و، بیروڕایان بۆ یەکدی باسکردووە. بەر لە هەر هەنگاوێکی تازە، پێویستە پێداچوونەوەیەکی بابەتانە و زانستانە بکرێت لەسەر مێژووی بیری نەتەوەیی و دامەزراوەی نەتەوەیی لە "کاژیک"ەوە هەتا پاسۆک و کۆنگرەی نیشتمانی و کۆمەڵەی هاوبیرانی کوردایەتی و ناکۆکی و پەرشوبڵاویی نەتەوەییەکان و، زانینی ئەو ڕاستینەیە کە بۆچی پاش ماوەیەک نواندنی چالاکیی سیاسی و نەتەوەیی، ڕۆڵ و کاریگەرییان نەما و وەستان؟ وەک نموونە پاسۆک. کاتی ئەوە هاتووە مێژووی دامەزران و گەشە و سەرکەوتن و، ئاستەنگ و گیروگرفتەکانی پاسۆک، چ ئالی نێوخۆی و چ لە پێوەندیی لە گەڵ گۆڕەپانە سیاسییەکەی کوردستان، لەلایەن هاوبیرانی پێشووی پاسۆک، بەشێوازیکی زانستانە و بابەتانە بنووسرێ و، بکرێ بە کتێب، بۆ بەرچاوڕوونی وەچی ئیمڕۆ و داهاتووی کوردستان، بەمەش هاوبیرانی پێشووی پاسۆک کارێکی لەبیرنەکراوی مێژوویی ئەنجامدەدەن؟

**بەشبەحاڵی خۆم زۆر سوپاسی هاوبیری هێژا کاک نووری کەریم دەکەم، بۆ نووسینی کتێبی "سەرنجێک لە کاژیک". هاوبیر نووری، خۆی ئەندامی کاژیک بوو، بە وردی و بابەتانە  رۆڵ و گرنگیی کاژیک و، هەروەها لاوازی و ئاستەنگ و گیروگرۆکانی سەر ڕێی گەشەکردنی کاژیکی بە وردی نووسیوە. بەبێ ئەم بەرهەم و سەرچاوە بە نرخە، مێژووی دامەزران و نەمانی کاژیک وەک دەیان باس و بەبابەتی گرنگی دیکە، بە لێڵی و ناڕوونی دەمایەوە.**

**سپاس بۆ بەڕێزتان و هیوامۆایە هەر هەبن بۆ خزمەتی بیری پیرۆزی سەربەخۆیی کوردستان**

**هاوبیرتان: سیروان کاوسی**

26/9/2020